# بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە ڕۆژئاوای کوردستان کوژرا

فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە ئوسامە جەمال ئەلجەنابی، بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە سوریا کوشتووە.

لە بەیاننامەیەکدا کە لە تەلەگرامی کەناڵێکی ئەمنی بەاوکراوەتەوە، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، مردنی جەنابی "توانای داعش لە دابینکردنی سەرچاوەو ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لاواز دەکات".

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ئەوشی خستەڕوو کە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەکە بەردەوام دەبین لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بە ئامانجی لاوازکردنی تواناکانی داعش.

لەلایەکی دیکەوە، فەرهاد شامی وتەبێژی هەسەد پیرۆزبایی کوشتنی ئوسامە ئەلجەنابی کرد و نووسیویەتی، پیرۆزبایی کوشتنی ئوسامە ئەلجەنابی گەورە تیرۆرست لە هاوکارانمان لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی لە عەفرین دەکەین.